# ڕێگاکانی لەناوبردنی ترۆریزم

سارۆ



لە دوای کردەوە ترۆریستیەکانی ١١ی سپتامبری ٢٠٠١ لە ئەمریکا ڕێگەی بەربەرەکانی ترۆریزمی جیهانی و هەوڵ بۆ لە ناوبردنی دەستەو تاقمە ترۆریستیەکان و سەرچاوەی مەعنەوی و دارایی یان، بووە کاری زۆربەی دەسەڵات و حکومەت و ناوەندە جیهانیەکان. لەو پێناوەدا، خەرجی زۆر کرا، توانای زۆرو تەنانەت هێزی سەربازیش بەکار هێندرا.ئەفغانستان مۆڵگەی سەرەکی القاعیدە و تالیبان بە دوای هێرشی سەربازی و شەڕێکی خوێناوی لە لایەن هێزە فرەنەتەوەکان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، کەوتەبەر دەستی هێزە فرە نەتەوەکان و هاوپەیمانانی ئەفغانستانیان بە ناوی بەرەی شومال و بە دوای گیرانی ئەفغانستان هومێدەکانی وولاتانی ڕۆژئاوایی ، ئەوە بووکە ئیتر کۆتایی بە ترۆریزم دێ و ئیتر جیهان ئاسودە دەبێ. بەڵام بە تێ پەڕینی چەند مانگ بەسەر دەرپەڕاندنی تالیبان لە سەر دەسەڵاتی ئەفغانستان و ڕاونانی القاعیدە لە شارەکانی ئەفغانستان و پێگە سەرەکیەکانیان، سەرلەنوێ القاعیدە لە ئەفغانستان خۆی سازدایەوە و تالیبانیش بە شێوەی بەرچاو عەمەلیاتی لە دژی هێزە فرەڕەگەزەکان دەست پێ کرد و ئێستاش جەنگ لە زۆربەی ناوچەکانی ئەفغانستان بە بەربڵاوی دەستی پێ کردوە. خۆگرتنەوەی تالیبان و خۆسازدانەوەیان و کارایی جەنگیان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ئەو بۆچونەی لەلای هێندێك لە ناوەند جیهانیەکان هێناوەتە گوڕێ کە پێویستە لەگەڵ تالیبان ووتوێژ بکرێ. بە تایبەت لە دوای بە بارمتەگرتنی ٢٢کەس لە هاو وەڵاتیانی کورەی باشوور لە لایەن تالیبانەوە و ووت وێژ لەگەڵ تالیبان بەمەبەستی ئازادکردنی بارمتەکان ناراستەوخۆ شەرعیەت درا بە تالیبان و بوونیان لە ئەفغانستان. بەو پێ یە ئەوە دەردەکەوێ کە تالیبان و القاعیدە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەناوچوونیان مەحاڵ نەبێ، زۆر زەحمەتە وەك ئێستا دەبیندرێ. جیاواز لە ئەفغانستان تاقمە تروریسیەکان لە ژمارەیێك لە وەڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەریان هەڵداوە و بە شێوەیێکی بەرچاو کردەوەی ترۆریستی لە دژی قازانج و مەسلەحەتەکانی دەسەڵاتە ناوچەییەکان و دەسەلاتە جیهانیەکان ئەنجام دەدەن و تەنانەت بۆ گەورە کردنەوەی خۆیان و زیاتر زۆر هێنان بۆ دەسەڵاتەکان و نا ئەمن کردنی وەڵات لە هیچ نەوعە کردەوەیەکی قێزەون و مرۆڤ کوژیێك دەست ناگێڕنەوە.

لە عێراق و ئەلجەزایر و ژمارەیێکی دیکە لە وەڵاتە عەرەبیەکان تروریستان بە پشت بەستن بە پڕوپاگەندەی جۆراو جۆر و لە ژێر ناوی جیهاد لە دژی کفرو دژایەتی ئەمریکا گەشە دەستێنن و بوونە کێشەیێکی گەورە بۆ وەڵاتەکەیان و ناوچەکە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا تاقمەو دەستە ترۆریستیەکان بە بەکار هێنانی هێزی سەربازی و لە ناودەچن؟ بێ گومان وەڵامی ئەو پرسیارە لە ساڵی ٢٠٠١ بە دواوە دەرکەوتووە، ئەویش دەستەو تاقمە ترۆریستیەکان بە هێزی سەربازی و هێرشی فرۆکەی جەنگی زەعیف دەبن بەڵام لە ناوناچن. بەکارهێنانی هێزی سەربازی ڕێگەی سەرەکی لە ناوبردنی تاقمە و دەستە تروریستیەکان نیە بە تەنیا، بۆ لە ناوبردنی چاکتروایە سەرچاوە مەعنەوی و پشتیوانەکانیان بدۆزرێنەوە و لە ناوبچن. دەبێ سەرچاوەی ترۆریست و هۆکانی پەرەگرتنی بدۆزرێتەوە لێ یان بدرێ بە هەموو شێوەکان و لە هەمان کاتیشدا ڕێگەی تێ گەیاندن و حەوانەوە لەگەڵ دەستەو تاقمە میانەڕەوەکان و جیاکردنوەی تەڕو ووشك یەکێکی دیکە لە کارەکان. نابێ لە شەڕی دژە ترۆردا ئەوەی گوتی موسڵمانم بە ترۆریست بژمێردرێ و ئەوەی گوتی ڕۆژئاوا هەڵەی هەیە بخرێتە خانەی ترۆریستانەوە. بێ گومان ئەونەوعە هەڵوێستە دەبێتە هۆی تێك چوونی زیاتری وەزع و بە ئاکام نەگەیشتنی جەنگی دژی ترۆر. لە جەنگی دژی ترۆردا، زۆر جار لەجیات ئەوەی سەرچاوە سەرەکیەکەی بدرێتە بەر پەلامار و بەشێوەی کاریگەر ڕووبەڕوی ببنەوە، خۆ خەریك دەکرێ بەدەستە و تاقمی بچوك و کەم هێز و لاوەکیەوە کە هیچ ئەنجامێك وەدەست نایێ. بۆ نمونە ڕژێمی ئێران بە ئاشکرا و تەنانەت بەپێی ڕاگەیاندنەکانی خۆی و ئەوگشتە بەڵگانەی دەست کەوتوون، سەرچاوەی سەرەکی ترۆریزم و پشتیوانی القاعیدە و تالیبان و حیزب واللە و جیهادی ئیسلامی و هەر دەستەیێکی دیکەی تروریستی دەکاو لەبەرانبەردا کۆمەڵگەی جیهانی و هێزە سەربازییەکانیان، شەڕی دژە ترۆریان لە جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەستەو تاقمی بچوك و بێ ناونیشان دا بێ ئاکام کردوە. ئەوە ئاشکرایە و هیچ باسێکی دیکە هەڵناگرێ کە ڕژێمی ئێران و دەسەڵاتدارانی سەرچاوەو ماکەی ترۆریستی جیهانین و تەنانەت مەزهەب و فکریش ڕێگەیان لێ ناگرێ بۆ یارمەتی دان و پشتیوانی کردنی تاقمە و دەستە ترۆریسیەکان.ئاشکرایە کاتێك جەنگی دژە ترۆر ئامانجەکانی دەپێکێ کە سەرچاوە سەرەکیەکانی لەناوبچن و هەروەها ئاڵوگۆڕیش لە شێوەی ئەو جەنگەدا وەدی بێ. بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە ئەو پشیوانیەی ئێستا لە ڕومادی و ئوستانی (الانبار) لە عێراق بۆ هاتنەدی دیمکراسی و دەسەڵاتی قانوونی دەکرێ، دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی هەلس و کەوتی هێزە فرەنەتەوەکان و لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و جیاکردنەوەی ترۆریستان و ناسینی کەسایەتیەکان و پێوەندی گرتنی دروست. بێ گومان کارێکی هەڵەیە ئەوەی کە هەمووبەیەك چاو تەماشا بکرێن و بەیەك شێوە هەڵسووکەوتیان لە گەڵدا بکرێ. ئەو کاتە ترۆریست لە ناودەچێ کە هێزو بیرو بۆچوونە میانەڕەوەکان کە موخالفی ترۆریست و ڕەشەکوژین بەهێز بکرێن، نەك لەوانیش بدرێ، یان پەراوێز بخرێن. ترۆریست کێشەیێکی جیهانیەو بەڵایێکە، کەیەخەی هەمووانی گرتووە دەبێ وابکرێ، هەرکەس لە حاست ئەوئەرکە گرینگە ، بەرپرسایەتی خۆی پێ بدرێ ئەرك وەئەستۆ بگرێ.

***

# ئەمریکاو فەڕانسە خوازیاری ئابلوقەی زیاترن لە دژی ئێران

سەرچاوە ئینترنیت





جۆرج بووش، سەرۆك کۆماری ئەمریکا، ڕۆژی پێنج شەممە ووتی: هومێدەوارە بتواندرێ بە هەنگاوی دپلۆماتیك بەرنامەی ئەتۆمی ڕژیمی ئێران راگرێ. سەرۆك بوش، لە کۆنفرانسێکی هەواڵدەری لە کۆشکی سپی ووتی: من هەموو کاتێ دووپاتم کردۆتەوە کە هومێدم هەیە ڕژیمی ئێران ڕازی بێ بە شێوەیێکی ئاشتی خوازانە دەست لە بەرنامەی دروست کردنی چەکی ئەتۆمی هەڵگرێ. بوش دووپاتی کردەوە کە فشارەکان بۆ سەر ڕژیمی ئێران بەردەوام دەبێ و لە ووتاری لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەککگرتوەکان دا داوای ئابلۆقەی زیاتر دژبە ئێران دەکا. جۆرج بووش گوتی: ئەمریکا لەگەڵ وەڵاتانی دۆستی خۆی پەیامێکی قاتیعیان داوە بە ئێران کە ڕێگەی باشتر لە تەریك کەوتنەوە و تەحریمی ئابووری لە پێشە. هاوکات نیکۆلاس سارکوزی، سەرۆك کۆماری فەرانسە، خوازیاری سەپاندنی تەحریم گەلێکی توندتر دژ بە ئێران بوو بەڵام دووپاتی کردەوە کە فەرانسە خوازیاری شەڕ لەگەڵ ڕژیمی ئێران لەسەر سەرپێچی و ڕانەگرتنی هەوڵە ئەتۆمیەکانی نیە. بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری ڕۆیترز، سارکوزی ووتی: ڕژیمی ئێران لە هەوڵدایە بۆمبی ئەتۆمی درووست بکا، بە خەڵکی فەڕانسە دەڵێم، ئەوە قەبوڵ ناکرێ. سارکوزی کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کانالی ١و ٢ ی فەڕانسە قسەی دەکرد، زیادی کرد لەم کاتەدا ئابلۆقەی دژبە ئێران بەس نیە، بەو پێیە فەڕانسە خوازیاری سەپاندنی ئابلۆقەی توندترە.

فەڕانسە بە توندتر کردنی هەڵوێستی بەرانبەر بە رژیم، داوای لە وەڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئوروپا کرد تا داوا لە شیرکەت و دەوڵەمەندەکانی خۆیان بکەن کە لە قەراردادی تازە لەگەڵ ئێران خۆ بپارێزن و سەرمایە گوزرای خۆیان لە ئێران کەم کەنەوە. دیوید مارتینون، وتەبێژی نیکۆلاس سارکوزی، سەرۆك کۆماری فەرانسە ووتی: وێ دەچێ ووت وویێژەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دەرکردنی بڕیارنامەی سێهەمی دژبە ڕژیمی ئێران زۆری پێ بچێ، فەرانسە داوا دەکا هاوکات لەگەڵ ئەو ووتووێژانە، ئەندامانی یەکێتی ئوروپا بۆ خۆیان لەو پێوەندیەدا هەنگاو هەڵ گرن. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری ئاسۆشێتدپرس، فەرانسە لە شیرکەتە ئوروپاییەکانی دەوێ قەراردادی تازە ئیمزا نەکەن و دامەزراوەکانی ئابوری، سەرمایە گوزاری ئاسان کاریەکان خۆیان لە بازاڕەکانی ئێران کەم کەنەوە. دیپلۆماتێکی فەڕانسەوی هەر لەو بارەوە ووتی: فەڕانسە دەیهەوێ یەکێتی ئوروپا هەڵسورانی چەند دامەزراوەیێکی ماڵی، ئیعتباری و بیمەی ئێران کە لە ٢٧ وەڵاتی ئەندامی ئوروپا هەڵسوڕانیان هەیە کەم بکەنەوە. مارتینۆن بە پێ ی ئەوەی ناوی وەڵاتێکی کە لەو پلانە پشتیوانی دەکەن ئاشکرا بکا وتی فەڕانسە هومێدوارە کە وەڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئوروپا ئەو پێشنیارانە لەگەڵ شیرکەتە ناوخۆییەکان بهێننە ئاراوە. پێشتریش برنادکۆشنەر، وەزیری دەرەوەی فەڕانسە ڕایگەیاند بوو کە فەڕانسە داوا لە یەکێتی ئوروپا دەکا کە ئابلۆقەکانی دژ بە ڕژیمی ئێران، هاوکات لەگەڵ زیاد کردنی ئابلۆقەکان لە ئەنجومەنی ئاسایش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بسەپێنن. ئەوە لە کاتێدایە کە دانیشتنی نوێنەرانی وەڵاتانی فەڕانسە و ڕوسیە و چین و بریتانیا و ئەمریکا ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش لەگەڵ ئاڵمان بۆ ووت وێژ لەسەر ئەگەری بڕیارنامە دژبە ئێران، ڕۆژی هەینی بیست و یەکەمی سپتامبر لە واشنگتۆن بەڕیوە دەچێ. ووتەبێژی سەرۆك کۆماری فەڕانسە ووتی: هیچ کەس باوەڕی نیە کە بەرنامەی پیتاندی ئۆرانیوم کە لەلایەن ئێرانەوە بەڕێوە دەچێ، ئاشتیخوازانە بێت. بۆ ئێمە ئێرانێك کە چەکی ئەتۆمی هەبێ قەبوڵ ناکرێ. ووتوویێژەکان نابێ چەندین ساڵ درێژە بکێشێ. بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریەکان، ئەمریکا و فەرانسە ڕەخنەیان لە ڕێکەوتنەکانی نێوان ئاژانسی نێو دەوڵەتی وزەی ئەتۆمی لەگەڵ ڕژیمی ئاخوندی ئێران بۆ نەهێشتنی گومانەکان لەسەر بەرنامە ناوکەییەکانی گرتووە، ئەمریکا و فەرانسە دەڵێن ئامانجی ڕژیمی ئێران بۆ هاوکاری لەگەڵ ئاژانس وە دەست هێنانی کاتە بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ناوەکیەکانی. کۆشنەر ئاماژەی بە ووتەی هێندێ لە چاودێران کرد کە لەو باوەڕەدان ڕێکەوتنی ئەم دواییەی ڕژیمی ئێران لەگەڵ ئاژانس مۆڵەتدانە بە ڕژیمی ئێران، هەروەها ووتی ئەو ووتوویێژانە ناتوانن تا ساڵها درێژەی هەبێ و ئێمە دەبێ ڕێگە چارەیێك بۆ ئەو مەسەلەیە بدۆزینەوە.

***

# سەردانی لقی ٢١ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بنکەی پەیوەندیەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە سلێمانی

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٩ی خەرمانان ١٣٨٦، هەیئەتێکی لقی ٢١ی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی بنکەی پەیوەندیەکانی سلیمانی سازمانی خەبات یان کرد و لەلایەن کاك کامیل چاپاش ئەندامی کومیتەی ناوەندی سازمان و بەرپرسی پێوەندی سلیمانی و کاك بەختیارعەزیزی جێگری کومیتەی ناوەندی و کاك خالید زەندی کادری پەیوەندی سلیمانی پێشوازیان لێکراو لە دانیشتنێکی یەك سەعاتەدا لە سەر مەسەلە چارەنووس سازەکانی گەلی کورد و هەل و مەرجی جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران قسە باس کراو دۆستایەتی و پەیوەندی گەرمی نێوان هەردوولا باسی لەسەر کراو لە سەر پێوەندی دۆستانەو هاوکاری پێ یان گیراوە.

***